www.kurdistannet.org
3-2-2003 13:26



# دەم لەناو دەمی تاڵەبانی و کەڕوبی

عەلی یوسوفی–بریتانیا
aliusufi@yahoo.co.uk

زۆر بە داخەوەم کە ئەو نوسینە بە و ناونیشانە دەنوسم و باوەڕتان هەبێت ئەگەر بە خۆم وێنەکەم نەدیبایە ئەوە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد، بۆیە وێنەکەیش بە ئێوە خوێنەرانی بەرێز پشان دەدەم تاوەکو ئیتر هیچ بوارێك بۆ گلەیی و گازاندەی کەس نەمێنێتەوە.

بە ڕێزان ئەوەی لە م وێنەیەدا دەیبنن دەمی ئاغای تاڵەبانیە لە ناو دەمی مەهدی کەڕوبی سەرۆکی مەجلیسی شورای ئیسلامیدا کە لە دوایین سەردانی تاڵەبانی بۆ تاران ئەنجام دراوە. بەڕێزان یەکێك لە و دەردانەی کە هەمیشە کورد موبتەلای بووە ئەوەیە کەهەمیشە خۆمان لە بەرامبەر نەیاران و دوژمنانی کورددا بە کەمتر گرتووە بۆیە زۆر جار دوژمنانی کورد ئەو مەسەلەیان بە کەم و کوڕی و گرفت لە کەسایەتی کورددا داناوە، بەڵام بێئاگان لەوەی کە ڕەنگە ئەم جۆرە ڕەفتارانە تەنها ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە چونەتە بەرامبەر دوژمنان و ئەو هەڵوێست و ڕەفتارە لە تاکی کورددا نیە.

بە هەر حاڵ هەڵبەتە من زۆر قسەم لە سەر ڕەفتار و هەڵوێیستە کانی ئاغای تاڵەبانی هەیە بەڵام ئەوەندەی بە ئەرکی خۆمی بزانم قسە کردنم لە سەر دوایین سەردانی ئاغای تاڵەبانی بۆ جەمهوری ئیسلامی ئێرا ن و ئەو گوفتانەی تاڵەبانی کە لە بەرامبەر بەرپرسانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا لە ئێران و ئاخوندەکاندا کردنی کەبە هیچ شێوەیەك نە بوونەی مایەی بەرزی بۆ گەلی کورد بەڵکو بوونە مایەی شەرمەزاری هەڵبەتە بۆ تاڵەبانی و ئینجا برادەرانی ینك و هەموو گەلی کورد. تاڵەبانی بە فەخرەوە شانازی بەوە دەکرد کە هەزاران شەهیدی لە گەڵ سپای پاسداران هەیە و لە گەڵ نمایندگانی کورد لە مەجلیسی شورای ئیسلامی بە جۆرێك دەدوا کە دەتگوت لە گەڵ گەورە بەرپرسانی جینایەتکاری وەزارەتی ئیتیلاعات دانیشتووە. ئاغای تاڵەبانی بەو سەردانەی بە شانازییەوە قسەی لەوە دەکرد کە ئەوە ماوە ١١ ساڵە ڕێگەی بە پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکانی دیمۆکرات نەداوە تاوەکو لە سنوری ینك وە پەلاماری رژیمی دژە ئینسانی جەمهوری ئسلامی بدەن و لە بەردەم ڕەفسەنجانی و کەڕوبی و خاتەمی و عەلی یونسی و جینایەتکارای دیکەدا بە جۆرێك دەدوا کە هەموو رەفتارێکی کوردانەی لێ بەدوور بوو. ڕەنگە ئەو وێنەیە ی دەم لە ناو دەمی ئاغای تاڵەبانی و کەڕوبی نموونە بن بۆ خۆ بە بچووك دانان لە بەرامبەر ئەو دوژمنانەدا کە زیاتر لە هەر دوژمنێکی دیکە دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد سورە. ئاغای تاڵەبانی دەبوایە ئەو قسانەی ڕەفسەنجانی لە بیر بووایە کە پێشتری پێی گۆتبوو (( جلال گالبانی یك فاحش سیاسیت )) و پێم وایە هەرکەس فارسی زانبێت دەزانێ ئەمە بە چ مانایەکە. ڕەنگە هەندێ کاڵ فام هەبن و بڵێن ئەوە سیاسەتەو دیبلۆ ماسیەتە، بەڵام هەموو کەسێکی هۆشیار دەزانێت کە ئەوە نەك هەر سیاسەت نیە بەڵکو داخزانێکی تەواوە لە هەموو عورف و عادەتێکی سیاسیانەو ئەو جۆرە دەم لە ناو دەم نانە لە ماچی نێوان دوو عاشق دەچێت نەك موحیبەتی نێوان دوو سیاسەتوان. باشەئاغای تاڵەبانی بەو ڕەفتارەی کە بە داخەوە بووە تە وێردی سەر زوبانی کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات چلۆن جوابگو دەبێت.

بریا هەرگیز نەك تاڵەبانی دەمی هیچ کوردێکم وەك ئەو دەمە لە ناو دەمی ئاخوندێکی جینایەتکاری وەك کەڕوبی و تاقمەکەی نەدیتبا هەر ئەوەندە ماوە بڵێم نەعلەت لەو دەمانە ........

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت